چاو خشاندنێک بە چەمکی

# شانۆی سێیەم

لە ڕوانگەی

یۆجینیۆ باربا وە.



نووسەر:

ئیان واتسۆن

(Ian Watson)

وەرگێرانی فارسی:

## عەلیرەزا ئەمیرحەجبی

وەرگێران لە فارسییەوە بۆ کوردی:

## ڕەحمان عەزیزی

تێبینی وەرگێر:

بەشێکی زۆری چالاکییەکانی یۆجینیۆ باربا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ بۆ ١٩٩١ لە بواری کۆمەڵناسی هونەری شانۆییدا هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوان هونەر و مرۆڤەکان.

، بەرهەمی ئەم قۆناغە زێرینە لە ژیانی یۆجینیۆ باربا شانۆی سێیەمە.

هەوڵی دەدا بە شانۆ لە جوانیەکان زیاتر بڕوانێت و ئەو بۆشاییە کە بەدرێژایی سەدەکان لە نێوان کۆمەڵگاکان و هونەری فیکریدا دروست بووەچاک بکاتەوە.

بواری چالاکیەکانی لە شانۆدا تەنیا لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکی و نەسەبی ئاماژە و وێنەی جەستەی دێرین و ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆدا نییە؛ بەڵکو یوجینیۆ باربا هەمیشە هەوڵی داوە بە دروستکردنی برگەی فرەلایەنە، پێوندی کولتوورە جیاوازەکان زیاتر بکات و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە کاتە گرژیەکاندا بە زوترین کات جێ بە جێ کات.

ئیان واتسۆن

(Ian Watson)

پرۆفیسۆر و سەرۆکی شانۆ و پەیوەندییەکانی میدیا لە زانکۆی «ڕات جێرز» لە بەشێک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا لەم قۆناغە بەرهەمدارەی ژیانی یۆجینیۆ باربا دەکۆڵێتەوە.

چەندین بابەتی لەسەر بەرهەم و بیرۆکەکانی یۆجینیۆ باربا بڵاوکردۆتەوە.

ولە ئێستادا سەرقاڵی نووسینی کۆمەڵێک بابەتە لەسەر تیۆرییەکانی دیدەوانی کولتووری یوجینیۆ باربا لە شانۆدا.

*** *** *** *** *** ***

## دەربارەی شانۆی سێیەم: وتارێک لە نووسینی ئیان واتسۆن

یوجینیۆ باربا تیۆری کۆمەڵناسی شانۆی خۆی لە گفتوگۆکاندا بەناوی "شانۆی سێیەم" پێشکەش کردووە.

چەمکێک کە پەیوەندی بە شانۆی فۆرمی و شانۆی «ئاڤانگارد»یشەوە هەیە.

شانۆی سێیەم لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژمارەیەک وڵاتدا دروست بووە؛ شانۆیەکی نەناسراوە کە بە دەگمەن ڕەنگ دەداتەوە.

ئەم شانۆیە نە لە فێستیڤاڵەکاندا و نە لە بواری ڕەخنەدا جێگای نییە و پێدەچێت لە لوتکەی نەناسراوی دا دروست بووبێت.

فۆرمێکە کە دانپێدانانەکەی جێگەی لێکۆڵینەوەی کولتوورییە.چونکە ڕێگای بەها کولتوورییەکانی بڕیوە و ڕووی لە دەرەوە کردووە و دواتر وەک وێنەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی دینامیکی لەگەڵ دەقەکانی ڕابردوو و ئێستا سەرهەڵدەدات.

لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی بە شانۆی ئاڤانگارد، ئەزموونخواز، لێکۆڵینەوەکار، سەخت و ئایکۆنۆکلاستیک ەوە هەیە، چونکە شانۆیەکە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەکات کە بەرگری لە خۆی دەکات لە پێناو دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی ڕەسەن و بەناوی پێویستی و زەروورەتی زاڵبوون بەسەر نەریتەکان و دیدگاکەی بەرووی داهێنانی نوێ لە بوارەکانی هونەری و کۆمەڵایەتیدا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە .»

پێناسەی باربا بۆ شانۆی سێیەم هاوکاتە لەگەڵ چالاکی زۆرێک لە گروپە شانۆییەکان.

و نکۆڵیکردن-، هەروەها کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی پەیوەندی نێوان شانۆی سێیەم و جیهانی سێیەم دامەزراوە.

شانۆی سێیەم چەمکێکە کە مەیدانی نەرێنی بڕیوە؛ فۆرمێکی تایبەتی شانۆیە کە نە بەشێکە لە شانۆی فەرمی و نە بەشێکە لە شانۆی ئاڤانگارد.

ئەگەر ئەم شانۆیە نە شانۆی یەکەم (فەرمی) بێت و نە شانۆی دووەم (ئاڤانگارد)، ئەوە چ جۆرە شانۆیەکە؟

# شانۆی سێیەم.

بۆ هەندێک کەس ئەم دێرە بوێرە مشتومڕی لەسەرە

دەریدەخات کە شانۆی سێیەم دیاردەیەکە دەست بە دەم دەژی، یان ئەم شانۆیە چەمک و شوناسێکی ڕوونی نییە و لە سێبەری شانۆی یەکەم و دووەمدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و بە نهێنی ئاواتەخوازە ببێتە یەکێک لە دوو فۆڕمی فەرمی. یان پەیوەندی بە ئاڤانگاردەوە بکە.

ئەم ڕەخنانە لێکدانەوەی هەڵەن بۆ پێناسەکانی یۆجینیۆ باربا.

ئەو بەتەواوی لە ماوەی پرۆسەیەکی پراکتیکیدا بە وردی چەمکی شانۆی سێیەمی نیشانداوە.

زۆربەی ڕەخنەگران ئاماژە بە تایبەتمەندی فرێدان ونەرێنی شانۆی سێیەم دەکەن،

بەڵام بەسە لێکۆڵینەوە لەو بڕگانە بکەین کە یۆجینیۆ باربا تییدا جەختی لەسەر سروشتی ئەرێنی شانۆی سێیەم کردووەتەوە.

شانۆی سێیەم لە پەراوێزی شانۆدا یان تەنانەت لە دەرەوەی ناوەند و خاڵە سەرەکییەکانی فەرهەنگ دەژی؛شانۆیەکە لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان وەک ئەکتەر و دەرهێنەر و چالاکوان لە بواری شانۆدا دەناسێنن دروستکراوە.

هەرچەندە بە دەگمەن خوێندنی شانۆی ئەکادیمییان هەیە؛ بۆیە وەک کەسایەتەیەکی پیشەیی ناناسرێن.

بەڵام ئەم جۆرە کەسانە ئاماتۆر نین و هەموو ڕۆژەکەیان بە بەدەستهێنانی ئەزموونی شانۆ و هەندێک جار بە وەی کە بە ڕاهێنان(Training) ناوی دەبن بانگ دەکرێت یان هەوڵدەدەن بە بەرهەمهێنانی نمایش بینەرەکانیان بەدەستبهێنن.

یوجینیۆ باربا لە ساڵی ١٩٧٧ لە میانی چاوپێکەوتنێکدا باسی شانۆی سێیەم کرد کە باسی ئەو دابەشبوون و پێداچوونەوەیە کە لە ڕەوتی سەرەکی شانۆدا ڕوویان دابوو.وئە بم جورە وەسفی شانۆی سێیەمی کرد:

«بۆ نموونە لە ئیسپانیا بزووتنەوەیەک هەبوو بەناوی شانۆی سەربەخۆی ئیسپانیا کە نزیکەی ٩٠ گروپی شانۆی تێدابوو".

لە ئیتالیا زیاتر لە سەد گروپی سەربەخۆ دروست بوون و لە دانمارک گروپ و بزووتنەوەی شانۆی تاقینەکراوە پێک هات.

نموونەیەکی دیکە سەرهەڵدانی لەناکاوی گروپە شانۆییەکانە لە ئەمریکای لاتینە.»

گفتوگۆکردنی «یۆجینیۆ باربا»بە سەرنجێکی ناڕاستەوخۆ بەم شێوەیە بەردەوامە:

"شانۆ

(A)

بزووتنەوەی شانۆی سەربەخۆ و بوونی خۆیەتی.

(A)

نە شانۆی (B)

نە شانۆی (C) یە.

. شانۆ(B)شانۆی فەرمی و شانۆی (C)هەمان ئاڤانگاردەکان

(B و C) ئەوان باوترین شێوەی شانۆن، کە بوونێکی جیاوازیان دەبێت.

یوجینیۆ باربا لە هیچ بەشێکی گفتوگۆکانیدا نەیگوتووە کە(A)لە (B و C) بەرزترە یان نزمترە یان ئەوەی هەموو وزەی خۆی لە شانۆی سێیەمدا بەسەر بردووە.

لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا دان بەوەدا دەنێت کە لە چەمکی شانۆی سێیەمدا ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە جیهانی سێیەم هەیە.

هەرچەندە ئەو دەڵێت:

"کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان، ڕەسەنایەتی خۆیان قەرزاری هێزی دەستنیشانکردنیانن

کە تێیدا دانراوە،  وە نە لەسەر بنەمای یەکسانکردنی چەمکی شانۆی سێیەم لەگەڵ جیهانی سێیەم کە لە خوارەوەی جیهانی پێشکەوتوودایە و هاوڵاتیانی مەیلیان هەیە پەیوەندی بە جیهانی یەکەمەوە بکەن.

تەنانەت دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان و پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ شانۆی سێیەم تێدەپەڕێت:

"ئەو گروپانەی کە من پێیان دەڵێم شانۆی سێیەم،  سەر بە ڕەچەڵەکێکی دیاریکراو نین وە سەر بە مەیلە شانۆییەکان نین؛  هەموویان لە دۆخێکدا دەژین کە لەسەر بنەمای جیاکارییەکان دروست دەبێت؛جیاوازییە کولتوورییەکان، پیشەگەر، ئابووری یان سیاسی" (١٩٧٩).

**یوجینیۆ باربا لەم لێدوانەی سەرەوەدا پێداچوونەوە بە چەمکی شانۆی سێیەمدا دەکات.**

**بە بۆچوونی ئەو جیاوازییە کولتوورییەکان لە پێناسەی تایبەتی شانۆی سێیەم گرنگترن.**

**شانۆی سێیەم شانۆیەکە کە ئەندامەکانی بەشداری لە بەرهەمهێنانی مانادا دەکەن:**

**"ئەمڕۆ (۱۹۹۱) تەواو بۆ من ڕوون بووەتەوە کە کاراکتەری سروشتی شانۆی سێیەم، وەک حکومەتێکی خۆبەناوبردن، ماناگەلێک دروست دەکات کە نە دەزانرێت و نە سەرنجی لەسەرە".**

**ئەندامانی شانۆی سێیەم، بە بەشداریی گشتی و بە گەڕان و چاندنی زمانێکی نوێی نمایش، مانا خۆدروستکراوەکان بۆ کردەی شانۆیی بەدەست دەهێنن.**

**ئەم کردار و بەشداریکردنە زۆر لەوە زیاترە کە ملکەچی ڕەچاوکردنی بازرگانی شانۆی فەرمی و ڕەوتەکانی ئێستای ئاڤانگارد بێت.**

**ئاڵوگۆڕی ئاراستەی وا لە تێگەیشتنی سەرەتایی ئەو لە شانۆی سێیەم دوور نییە.**

**یو جینیۆ باربا لە یەکەم وتارەکەیدا لەسەر شانۆی سێیەم کە لە سەرەتادا لە فەرەنسا لە ساڵی ۱۹۷٦ بڵاوکراوەتەوە و بەم دواییە وەرگێردراوە بۆ زمانی ئینگلیزی (۱۹۸٦-۹٤) باس لەو شێوازانە دەکات کە ئەندامانی شانۆی سێیەم دەتوانن بەهۆیانەوە بژین**

**یەکێک لەو شێوازانە فراوانکردنی چەمکی شانۆی سێیەمە و ئەوی دیکەیان پێناسەی خۆبەڕێوەبردن و بنیاتنانی مانا:**

**"گرووپەکان دەتوانن بە بەردەوامبوون لە چالاکییەکانیان بە مەبەستی هێنانە دەرەوەی تاکایەتی و فەزای تایبەت یان بە گەڕان و لێکۆڵینەوە لەوەی کە چی ڕەسەن و گرنگە بۆیان و هەروەها بە هەوڵدان بۆ فشارخستنە سەر کەسانی دیکە بۆ ناسینی ئەم شانۆ جیاوازە. بەردەوام بن لە مانەوە." (۱۹۳-۹٤)**

# «کۆمەڵناسی شانۆی سێیەم»

ڕەهەندە کۆمەڵناسیەکانی شانۆ لە بابەتەکانی جوانیناسیی شانۆی سێیەم گرنگترە

بە پێچەوانەی شانۆی فۆرمیی یان ئاڤانگارد، کە جەخت لەسەر بەرهەمهێنانی ئایدیا یان دابەشکردن و گشتاندنی کولتوور دەکەنەوە.

شانۆی سێیەمیش سەیری پەیوەندییەکان و پەیوەندییە ناوەندییەکان دەکات.

ئەم چڕبوونەوە لە پەیوەندی نێوان گروپ و ناو گروپ و هەروەها لە نێوان ئەندامان و بینەر لەناو تۆڕەکەدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تاکایەتی ئەکتەر. بۆ ئەندامانی شانۆی سێیەم، زۆرجار پۆلی "فۆڕم و ناوەڕۆک" کەمتر گرنگە لە فەلسەفەی گروپی کۆمەڵایەتی-کولتووری.

ئەوەی لەم شانۆیەدا گرنگە چۆنێتی تێگەیشتنە لە فەلسەفە لە چالاکی ڕۆژانەدا و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمە شانۆییەکاندایە

شانۆی ئودن و گروپی یۆجینیۆ باربا و مۆدێلی شانۆی سێیەم بەگشتی چونکە بەرهەمەکانیان تەوەری سیاسییان نییە،ڕەخنەیان لێگیراوە، .

بەڵام ئەم ڕەخنانە بەهۆی بوونی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-سیاسییە دینامیکییەکان لە شانۆی سێیەمدا شکستیان هێناوە.

یو جینیۆ باربالە شانۆی ئۆدن، بە هاندان و وروژاندنەوە، لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی و لە کاتی پرۆڤەدا، نمایشکارانی بە هەستی بەرپرسیارێتی ئاشنا کرد، ئەوان بەشێکی سەرەکی دیزاینی سێنوگرافیا وە هەروەها دروستکردنی توخمەکانی شانۆ بۆ هەر نمایشێک وە ئەستوو بەگرن

ئەم ئەخلاقە کۆمەڵایەتییە هەڵبژاردەیە بۆ دروستکردن و بەرپرسیارێتی.گروپی ئیوجینیۆ باربا زۆر جەخت لەسەر پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەنەوە کە لەسەر ڕێگای ئەم شانۆیەن.

ئەندامانی شانۆی ئۆدن بە پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ زۆرێک لە گروپ و قوتابخانە جیاوازەکانی شانۆ، یارمەتی کەسانی دیکە لە ڕێکخستنی وۆرک شۆپی پەروەردەیی و فراوانکردنی چالاکییە کولتووری و هونەرییەکان دەدەن.

یو جینیۆ باربا بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیانە بە کەسی بمێننەوە، پێی باشە گەشتی کورت و کەم تێچووی ڕێکبخات تا ئەم شانۆیە لە هەموو جیهان بناسێنن.

ئەم گەشتانە زۆر بەسوودترن لە گەشتە پیشەیی و ڕێکخراوەکان.بەم شێوەیە خۆی و ئەکتەرەکانی بە ئەنجامدانی وۆرک شۆپی پەروەردەیی و نمایشکردنی فیلم و هتد پەیوەندییەکی فراوانتر لەگەڵ کۆمەڵگەی شانۆی جیهان دادەمەزرێنن.

بە بنیاتنانی ئەم جۆرە تۆڕانە هەم گەشەسەندنی چەمکی شانۆی سێهەم و هەم دروستکردنی پەیوەندی هاوبەشی بەدەستهێناوە، هەم بۆ مانەوەی شانۆی سێیەم کاری کردووە.

شانۆی سێیەم ڕێکخراوێک نییە کە ناوەندی بڕیاری هەبێت و ئەندامەکانی پارەی خوێندن بدەن؛ بەڵکو دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمییە کە ئەندامی خۆبەخشی تێدایە، بنکەیەکی یەکگرتووی هەیە کە لە سەرەتاوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

یوجینیۆ باربا یەکەم گروپی شانۆی خۆی لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ کەسانی سەرەتایی کە ئارەزووی نواندنیان دەکرد  پێکهێنا.

یەکەم کۆبوونەوەی ئەو گرووپە لە پایتەختی یوگسلاڤیا (بەلگراد) بوو و بەم شێوەیە کۆبوونەوەکانی گروپی یۆجینیۆ باربا تا ساڵی ١٩٩١ لە شارەکانی جیهان بەردەوام بوون:

بێرگامۆ - ئیتاڵیا (١٩٧٧)، ئایاکوچۆ - پیرۆ (١٩٧٨)، مەدرید و فۆڵکێ ئیتۆ - ئیسپانیا (١٩٧٩)، زاکاتێکاس - مەکسیک (١٩٨١)، باهیا بلانکا - ئەرجەنتین (١٩٨٧)، کوزکۆ - پیرۆ (١٩٨٧) و کاکلۆ کۆیۆ - پیرۆ (١٩٨٨). ).

پێی باش بوو هەریەکێک لەم گردبوونەوە جیاواز بن لە کۆبوونەوەی پێشوو، بەڵام لە ڕووی بنەما و فۆرمەوە وەک یەک بن.

بەشی فەرمی بەرنامەکان جۆرەها وۆرک شۆپی لەخۆگرتبوو کە لەلایەن مامۆستایانی شانۆی ئۆدن بەڕێوەدەبرا.

وتار، نمایش لە کاتی ڕاهێنان، زانیاری لەسەر شێوازەکانی دراماتۆرژی لەلایەن خودی یۆجینیۆ باربا یان دەرهێنەرانی وەک ماریۆ دێل گادۆ پێشکەش دەکرا.

بۆ نموونە لە پیرۆ، سیمینارەکان لەسەر ڕۆڵی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی پیرۆدا لەلایەن خوان لارکۆوە لە میانی وۆرک شۆپەکانی ڕاهێنانی باربا بەڕێوەچوو، یان فێرکردنی شێوازەکانی ئیتیان دوکرۆ لە پانتۆمیمدا وەک سەرچاوەیەک بۆ پراکتیک لە باهیا بلانکا-ئەرجەنتین هەروەها لە... هەمان پۆل.

بەنرخترین لایەنی ئەم گردبوونەوە، ئاشکراکردنی ئەندامانی شانۆی سێیەمە لە هەموو جیهانەوە کە بە دەگمەن دەگەنە یەکتر ناسین.

## بازرگانی :

بازرگانی زاراوەیەکە کە باربا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەکاری هێناوە. زاراوەیەک کە لە ڕووی چەمکییەوە پەیوەندی لەگەڵ چەمکەکەدا هەیە؛ پەیوەندییەک کە لەلایەن شانۆی سێیەمەوە کراوەتە ئامانج. ئاڵوگۆڕی کولتووری وەک ئاڵوگۆڕێکی ئابووری وایە. پێناسە و بنەماکانی ئەم ئاڵوگۆڕە شانۆییە شتێکە هاوشێوەی بنەماکانی بازاڕی ئازادە. ئەو بەرهەمەی کە لەم مامەڵەیەدا قسەی لەسەر دەکرێت بریتییە لە ئەدای کارکردن« پێرفۆرمێنس»:

گروپ یان کەسی (A) کارێک بۆ گروپ یان کەسی (B) ئەنجام دەدات و لە بەرامبەر پارەدا (B) کارێکی تر بۆ (A) ئەنجام دەدات یان یارمەتی دەدات. (ئە) گۆرانی دەڵێت یان سەما دەکات لە نمایشێکدا بۆ (ب)؛ لەبری ئەوە (B) جوڵەی ئەکرۆباتیک بۆ A دەکات.

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کولتووری:

بازرگانی خاڵی بەرکەوتن وپێوندی کولتوورەکانە.

لە هەموو ئاڵوگۆڕەکاندا، ژێر کولتوورێک ڕووبەڕووی ژێر کولتوورێکی دیکە دەبێتەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە کە لە کاتی ئاڵوگۆڕە نمایشییەکاندا ڕوودەدات بەرهەمێکی کولتوورییە، بەڵام ئەم بەرهەمە هێندەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن گرنگ نییە.

لە ڕاستیدا ئاڵوگۆڕکردن گرنگ نییە.

مەسەلەکە ئەوە نییە چی ئاڵوگۆڕ دەکرێت بە چی، بەڵکو لێرەدا خودی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەبێتە جۆرێک لە بەهای گرێبەست.

لە نەخش و نموونە تەقلیدییەکاندا، نمایشی شانۆیی و بەرهەمە کولتوورییەکان بەگشتی، بڕی کوالیتی جوانیناسی بە بەهای دۆلار دەپێورێت.

ئەم مۆدێلە نەریتییە لە ئاڵوگۆڕە شانۆییەکانی یۆجینیۆ باربادا ڕەتکراوەتەوە.

بەرهەمە کولتوورییەکان لەگەڵ بەرهەمە کولتوورییەکان ئاڵوگۆڕ (Exchange)دەکرێن.

لێرەدا جەوهەری ئاڵوگۆڕکردن بەنرخە، جەختکردنەوە لەسەر ئاڵوگۆڕە شانۆییەکان بەو مانایە نییە کە ناتوانرێت لە پرسە شانۆییەکانەوە بڕوانرێت.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٥ لە سەر داوای ژمارەیەک گوندی باشووری ئیتالیا، شانۆی ئۆدن ژمارەیەکی بەرچاو شانۆی بە بەکارهێنانی شێوازی بازرگانی نمایش کرد.

جگە لە نمایشی گوندی گاڤۆی (Gavoi)، خەڵکی ناوچەکە داوای لە گرووپی ئۆدن کرد کە زانیارییان

پێبدەن بۆ ئەوەی بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی ئامادە بکەن.

ئەم بڵاوکراوەیە لە هەمان ساڵدا بە هاوکاری خەڵک و شانۆی ئۆدن بڵاوکرایەوە.

لە نموونەیەکی دیکەدا، لە گوندی مۆنتی سیسی (Monte sisi)، ئەو گەنجانە ویستوویانە کتێبخانەیەک

دابمەزرێنن.

شانۆی ئۆدن پەیوەندییەکی ڕاگەیاند و داوای لە سەرجەم خاوەنەکانی ناوچەکە کرد لە جیاتی نمایشکردنی نمایشەکە کتێبیان پێشکەش بکەن. ئەمەش وایکرد کتێبخانەیەک بۆ گەنجان دروست بکرێت.

لەسەر پێشنیاری گوندی ئۆلالای (Ollalai) کەسانێک کە ئامێری مۆسیقای کۆنیان هەبوو یاخود

کەسانێک کە ئاگاداری چیرۆک و گۆرانییە کۆنەکان بوون، لە گردبوونەوەیەکدا هەموو سەرچاوەی زارەکی و نووسراویان لەسەر ئەفسانە و گۆرانییە کۆنەکان کۆدەکردەوە و بە هاوکاریی گرووپی شانۆی ئۆدن، توانیان ئەرشیفێک بۆ نمایشکردن و خستنەڕووی مێژووی ڕۆشنبیری و نەریتی گوندەکە دروستک بکە ن.

## هێزە بزوێنەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە شانۆی سێیەمدا:

ئیوجینیۆ باربا شانۆ وەک جۆرێک لە کردارێکی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە دەناسێنێت:

«- شانۆ چییە؟ ئەگەر هەوڵ بدەم ئەم وشەیە بۆ شتێکی بەرجەستە و تێگەیشتوو کورت بکەمەوە، ئەوەی بۆم دەرکەوتووە شانۆ گردبوونەوەیەکی مرۆڤە.

شانۆ پەیوەندییەکی تایبەتە لە بوارێکی ئیختیاریدا.

شانۆ پەیوەندییەکە کە لە قۆناغی یەکەمدا لە نێوان ئەو کەسانەدا دروست دەبێت کە بۆ دروستکردنی شتێک کۆدەبنەوە، دواتر پەیوەندییەکی دیکە لە نێوان ئەو دروستکردنەدا دروست دەبێت کە لەم کۆبوونەوەیە دروست دەبێت و خەڵکەکە. ئەم پێناسەیە شوناس دەدات بەو شتەی کە ئیوجینیۆ باربا نیشانی دەدات.

دوو توخمی سەرەکی لە گروپێکی شانۆدا:

١- داینامیکی کۆمەڵایەتی و ناو گروپی

٢- پەیوەندی گروپەکە لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە کاتی بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی کارەکاندا

داینامیکی و پەیوەندییەکانی ناو گروپ

بە بڕوای یوجینیۆ باربا، جووڵە لەناو گروپێکدا گرنگترین لایەنی گروپێکی شانۆییە.

جەختیش دەکاتەوە کە "نمایشکردنی شانۆ سنووردار و کاتییە.".

ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات هەموو بەرهەمێک لە کۆمەڵێک بەرهەمدا جێگیر بکرێت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە گروپ چۆن کارەکان بەرهەم دەهێنێت و تێڕوانینی گروپەکە بۆ بەرهەمەکانیان و بژاردەکان و ژیانی پیشەیی چییە. ئەمە گرنگترین پرسە”.»

بەم شێوەیە درێژە بە باسەکە دەدات

"ئەم پرۆسەیە پێگە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات چونکە بەرهەمهێنان و دامەزراوەییکردنی چالاکییەکانی ناو گروپ، پاراستن و چاندنی ئەخلاقی گروپ، خۆی ستراتیژییەکە بۆ مانەوە."

## گروپەکە و بینەرانی:

سەرەڕای بۆچوونەکانی یۆجینیۆ باربا سەبارەت بە پرسی سیاسی-کۆمەڵایەتی، ئەو پێیوایە شانۆ توانای گۆڕینی کۆمەڵگای بەگشتی نییە.

بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە شانۆ هێزێکی پۆتانسێلی پێشبینیکراوی هەیە کە دەتوانێت ژیان بگۆڕێت.

بێگومان بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بکەن یان دەیانەوێت بە شانۆ تەرکیز لەسەر ژیانی خەڵک بکەن.

یوجینیۆ باربا دەڵێت: «ئێمە لە گروپەکەمان لە شانۆی ئۆدن شتەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم دروست دەکەین. ئەم دروستکردنە بەردەوام لە گۆڕاندایە. لێرەدا ئافراندن دیدگاکانی شانۆ دەگۆڕێت. ئێمە ئەو فاکتەرانەین کە زۆر شتمان گۆڕیوە. شانۆ تەنیا دەتوانێت شانۆ بگۆڕێت. شانۆ هەرگیز ناتوانێت کۆمەڵگا بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر بتوانی بە شانۆ شانۆکە بگۆڕیت، توانیوتە بەشێکی بچووک (بەڵام زۆر گرنگ)ی کۆمەڵگا بگۆڕیت.»

لە کۆتاییدا پێویستە پرسیار بکرێت:: "کاریگەری کارەکانی ستانیسلاڤسکی لەسەر چی بوو؟" بینەر؟ کات یان ئەو بەروارەی دوای ئەو هات؟ کامیان؟ گۆڕینی شانۆ بە واتای گۆڕینی شێوازی بینین و گۆڕینی تێگەیشتن و جۆرێکی تایبەتی تێگەیشتن و و تێبینی وچاودێریکردنە" (١٩٨٥ a - ١٧) هەرچەندە زۆرێک لە بەرهەمەکانی نمایش و درامای ئودێن ڕەگیان لە تەوەرە سیاسییەکاندا هەیە،

بەڵام بەهاکانی شانۆ بەپێی بۆچوونی یوجینیۆ باربا،لەناو ئەو میتۆدانەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاماژەدان بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان دروستی بکات. ئەم چەمک و ناوەڕۆکانە زۆر گرنگترن لە ناوەڕۆکی سیاسی.

تەواوی خاڵی تێگەیشتن لە تیۆرییەکانی یۆجینیۆ باربا لە شانۆدا، جەختکردنەوەیەتی لەسەر پرۆسەکانی پەیوەندیکردن.هەرچەندە بە زانیاری وئاگادارییەکی تەواو تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە بەهای پۆلە جوانناسی و سیاسییەکانی پەرەپێداوە وفراوانتر کردووە،

بەڵام ئەم باس وبابەتانە کەمتر گرنگن لەو پرۆسەیەی کە گروپەکە لەم ماوەیدا دەگاتە فۆرم و تەوەرێکی دیاریکراو.

پرۆسەی کۆمەڵایەتی بە بۆچوونی یۆجینیۆ باربا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کولتوورانەیە کە بە شێوازی جیاواز ڕوودەدات.

ئەمە گرنگترین هەوڵی ئەو لە ئایدیای شانۆییدا.ئەوشانۆ بۆ پەیوەندی نێوان کولتوورەکان بە گرنگترین خاڵ دادەنێت؛پەیوەندی کە تێیدا ئاڵوگۆڕ و بازرگانی زۆر گرنگترە لە کوالێتی و ناوەڕۆکی کارەکە.

باشتر وایە بڵێین گەورەترین بەشداری یوجینیۆ باربا لە مێژووی هونەری شانۆدا هەوڵی تێگەیشتنی بەها کۆمەڵایەتییەکانیەتی.

بەهاگەلێک کە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی شانۆ بەکاربهێنرێت.

## کتێبنامە:

١- ١٩٧٧: An Offense Against nature : intrview.
٢- ١٩٧٩: The Floating Island Odin Theater forlag
٣- ١٩٨٥a: interview wiht Gautam Dasgupta. PAJ ٨-١٨(Jan)
٤- ١٩٨٦: Beyond the Floating Island. NY PAJ
٥- ١٩٨٨a: The way of Refusal: The Theater's Body in life. New Theater Quarterly

## سەرچاوە:

**ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبەکە:**

**Towards a Third Teate: Eugenio Barba and Odin Teatret London: Routledg. ١٩٩٣.**

**« بەرەو شانۆی سێیەم: یوجینیۆ باربا و ئۆدین تیاترێت لەندەن: ڕۆتلێج. ١٩٩٣.»**


**:And Also**

**وە هەروەها:**

**The Routledge Reader in Politics and Performance. Ed; Lizbeth Good man / Jane de Gay ٢٠٠٥**

**سەرچاوە:**

http://www.theater.ir



یۆجینیۆ باربا لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦، دەرهێنەری شانۆ و نووسەر و توێژەر و کوریۆگرافەر لە شاری گالیپۆلی ئیتاڵیا لەدایکبووە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەچێتە کۆلێژی سەربازی، دوای ماوەیەک کۆلێژی سەربازی بەجێدەهێڵێت. لە ساڵی ١٩٦١ دەچێتە وارشۆ بۆ خوێندنی دەرهێنانی شانۆ لە زانکۆی شانۆی دەوڵەتی. بەڵام دوای ساڵێک زانکۆکە بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ئۆپۆل و سێ ساڵ لەگەڵ جێرزی گرۆتێڤسکی کاردەکات. لە ساڵی ١٩٦٤ دەچێتە نەرویج بۆ ئەوەی وەک دەرهێنەرێکی پیشەیی کار بکات، بەڵام وەک بیانییەک نەیتوانی کار بدۆزێتەوە. کۆمەڵێک گەنجی کۆکردەوە کە لە قوتابخانەی شانۆی دەوڵەت وەرنەگیراون و گروپی ئۆدین تیاترێتی دامەزراند. هەروەها خوێندنی نوێی لە بواری

**شانۆدا لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراند بە دەستپێکردنی قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژیای نێودەوڵەتی شانۆ (ISTA). لە ماوەی ٥٥ ساڵی کارکردن لەگەڵ شانۆی ئۆدین و ئەنسەمبڵی نێوان کولتوری تێتروم موندی، باربا ٧٩ بەرهەمی شانۆیی دروستکردووە، کە هەندێکیان بریتین لە: هاوڕێی باڵندە، سوورکراوە، ماڵی باوکم، تالابۆت، گەردوون، میتۆس، ئیتسی بیتسی، خوێ، خەونی ئەندەرسۆن، کۆن هاملێت، ژیانی درێژخایەن، دار و...**

**ئەو کتێبانەی کە لەلایەن یوجینیۆ باربا و ئەندامانی دیکەی گروپی شانۆی ئۆدین لە بڵاوکراوەی لێگا بڵاوکراونەتەوە:**

**شانۆ وەک ژیان: دارەکە (شانۆگەری)**

**شانۆ وەک ژیان: خوێ (شانۆنامە)**

**شانۆ وەک ژیان: ئیتسی بیتسی (شانۆنامە)**

**شانۆ وەک ژیان: جەژنی ئیستەر (شانۆگەری)**